# کەرکـــووک و ناوچەکـــانی مـــاددەی ١٤٠: ئەزمووونێـــک بـــۆ یەکێتیـــی و دەنگـــی نەتەوەیەک

**18-10-2025**

سلێمان مستەفا حەسەن

بەپێـی یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٢٣ مـاددەی (٧) یاسـای هەمـواری سـێیەمی یاســـای هەڵبژاردنـــی ئەنجـــوومەنی نـــوێنەران و ئەنجـــوومەنی پارێزگـــا ڕێکنەخراوەکـان لە هەرێمێکـدا، بـۆ دابەشـکردنی کورسـیەکـان کـار بە شـێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو دەکرێت بە وەرگرتنی (١.٧).

یەکەم، شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو

شـــێوازی ســـانتلیگۆی هەمـــوارکراو شـــێوازێکی دابەشـــکردنی کورســـیە بە گـــرتنەبەری یەک قۆنـــاغ لە دابەشـــکردنی کورســـیەکـــان و لە سیســـتەمی نـــوێنەرایەتی ڕێژەیـــی پەیـــڕەو دەکرێـــت لەگەڵ پەیڕەوکردنـــی شـــێوازی لیســـتی نیمچەکـــراوە، کە دەنـــگە دروســـتەکانی حیزبەکـــانی پـــێ دەکـــرێتە کورســـی. لە هەنگـاوی یەکەمـدا دەنـگە دروسـتەکانی حیزبەکـان لە بـازنەی هەڵبژاردنـدا دابەشـی (١.٧) دەکرێـت، ئەم کـارە بەردەوام دەبێـت، دەنگـی دروسـتی حیزبەکـان دابەشـی ژمارە تاکەکان دەکرێت (١.٧، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١) تا دەرهێنانی تەواوی کورسیەکان.

دووەم، کەرکووک و دابەشبوونی نەتەوەیی

سـەرەڕای دابەشـبوونی نەتەوەیـی لەم شـارەدا، دوای ڕیفرانـدۆم و ١٦ی ئۆکتـۆبەر کەرکووك بە بـارودۆخێکی نـاهەمواردا تێـپەری، بـۆیە کەرکـووک بانـدۆری خـۆی بەسەر تەواوی عێراق و کوردستان و ناوچەکە جێ هێشتووە.

دوای ڕیفرانـدۆم و ١٦ی ئۆکتـۆبەر، بـارودۆخێکی نـوێ هـاتۆتە ئـارا، کـورد لە نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم وەلانراو و خـرایە پەراوێـز، بەڵام لە هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنـی پارێزگاکـانی سـاڵی ٢٠٢٣ جـارێکی تـر دەرفەت دروسـت بـوو کە دەنگـدەرانی کەرکـووک بە هەمـوو پێکهاتەکـانیەوە بچـنە سـەر سـندوقی

دەنگــدان و کۆتــایی بە حــوکمی داســەپاوی بە وەکــالەت بێــنن. بەرئەنجــامی ئەو هەڵبــژاردنە ئەوەی بیــر هێنــاینەوە کە حیــزبە کــوردســتانییەکــان خوێنــدنەوەیان بــۆ شــێوازی ســانتلیگۆی هەمــوارکراوی (١.٧) نەبــوو. بــۆیە گــرنگە ســەرنجی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بدەینەوە:

| ز | حیزب | دەنگ | کورسی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەرکووک ەێز و ئیرادەمانە | 157649 | 5 |
| 2 | تەحالفی عەرەبی لە کەرکووک | 102545 | 3 |
| 3 | جەبهەی تورکمانی العراق موەحەد | 75166 | 2 |
| 4 | ئەلقیادة | 61435 | 2 |
| 5 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 52278 | 1 |
| 6 | تەحالوف ئەلعروبە | 47919 | 0 |
| 7 | نەوەی نوێ | 25910 | 0 |
| 8 | كركوكنا | 22701 | 0 |
| 9 | تحالف معالم كركوك | 6879 | 0 |
| 10 | حركة بابليون، مسيحي | 1703 | 1 |
| 11 | اميــل بطــرس قســطنطين ابــراهيم اغــا، مسيحی | 1566 | 0 |
| 12 | تحالف اثرا، مسيحی | 816 | 0 |
| 13 | اسماعيل يحيى عيس دخيل القيسی | 754 | 0 |
| 14 | ائتلاف حمورابي، مسيحي | 519 | 0 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 15 | الحـــــزب الاشــــــتراكی الـــــــديمقراطی الكوردستانی | 397 | 0 |
| 16 | التحالف المدنی الديمقراطی | 303 | 0 |
| 17 | حزب الثقة | 246 | 0 |
| 18 | كـرم ڕاميـز وسـطين ابلحـد ڕاميـز وسـطين / مسيحی | 236 | 0 |
| 19 | | | |

ئەگەر بە ووردی سـەرنج بـدەین ژمـارەیەکی یەکجـار زۆر لە دەنگـدەری کـورد بە هەدەر دراوە. بـۆ نمـوونە، نەوەی نـوێ بە ٢٥٩١٠ دەنـگ نەیتـوانی یەک کورسـیش بەدەسـت بهێنێـت. لیسـتی هاوپەیمـانی مەشـخەڵ و سۆسیالسـت ٧٢٧٦ دەنگیـان بەدەسـت هێنـا. بەپێـی ئەو ژمـارانە ڵادنی کەمـی دەنگـی کورسـییەک بەهەدەر درا لە هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنی پارێزگاکـان. لەگەڵ ئەوەی کـورد تـوانی کۆتـایی بە نـادادی و حـوکمڕانی داسـەپاو بکـات و پارێزگـارێکی کـورد بـۆ شـارەکە دابنـێ، بەڵام نـاکۆکی و ناتەبـایی بەردەوامە. ئەوەی ئـێمە دەمانەوێـت باسـی بکەیـن لەم بـابەتە خوێنـدنەوە و بەرەنجـامە بـۆ هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنی نـوێنەران لە پارێزگـای کەرکـووک، ئەویـش بە سـوود وەرگـرتن لە هەڵە و داتـا و ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٢٣.

بـۆ بەرچـاو ڕوونـی زیـاتر ئەگەر وەک گریمـانە ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنـی ٢٠٢٣ی ئەنجـوومەنی پارێزگـای کەرکـووک وەک نمـوونە وەربگـرین و بـۆ دەرهێنـانی ئەنجـامی گریمـانەیی هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنی نـوێنەران ئەنجامەکـان بەم شـێوەی خوارەوە دەبن:

| ز | ناوی حیزب | ژمارەی دەنگ | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کەرکووک ەێز و ئیرادەمانە | 157,649 | 92,734.706 | 52,549.667 | 31,529.800 | 22,521.286 | 17,516.556 | 14,331.727 |
| 2 | التحالف العربی فی کرکوك | 102,545 | 60,320.588 | 34,181.667 | 20,509.000 | 14,649.286 | 11,393.889 | 9,322.273 |
| 3 | بەرەی تورکمانی | 75,166 | 44,215.294 | 25,055.333 | 15,033.200 | 10,738.000 | 8,351.778 | 6,833.273 |
| 4 | القيادة | 61,435 | 36,138.235 | 20,478.333 | 12,287.000 | 8,776.429 | 6,826.111 | 5,585.000 |
| 5 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 52,278 | 30,751.765 | 17,426.000 | 10,455.600 | 7,468.286 | 5,808.667 | 4,752.545 |
| 6 | تحالف العروبة | 47,919 | 28,187.647 | 15,973.000 | 9,583.800 | 6,845.571 | 5,324.333 | 4,356.273 |
| 7 | نەوی نوێ | 25,910 | 15,241.176 | 8,636.667 | 5,182.000 | 3,701.429 | 2,878.889 | 2,355.455 |
| 8 | کرکوکنا | 22,701 | 13,353.529 | 7,567.000 | 4,540.200 | 3,243.000 | 2,522.333 | 2,063.727 |
| 9 | تحالف معالم کرکوك | 6,879 | 4,046.471 | 2,293.000 | 1,375.800 | 982.714 | 764.333 | 625.364 |
| 10 | حرکة بابليون، مسيحي | 1,703 | 1,001.765 | 567.667 | 340.600 | 243.286 | 189.222 | 154.818 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | اميل بطرس قسطنطين ابراهيم اغا، مسيحى | 1,566 | 921.176 | 522.000 | 313.200 | 223.714 | 174.000 | 142.364 |
| 12 | تحالف اثرا، مسيحى | 816 | 480.000 | 272.000 | 163.200 | 116.571 | 90.667 | 74.182 |
| 13 | اسماعيل يحيى عيس دخيل القيسى | 754 | 443.529 | 251.333 | 150.800 | 107.714 | 83.778 | 68.545 |
| 14 | ائتلاف حمورابي، مسيحي | 519 | 305.294 | 173.000 | 103.800 | 74.143 | 57.667 | 47.182 |
| 15 | الحزب الاشتراكى الديمقراطى الكوردستانى | 397 | 233.529 | 132.333 | 79.400 | 56.714 | 44.111 | 36.091 |
| 16 | التحالف المدنى الديمقراطى | 303 | 178.235 | 101.000 | 60.600 | 43.286 | 33.667 | 27.545 |
| 17 | حزب الثقة | 246 | 144.706 | 82.000 | 49.200 | 35.143 | 27.333 | 22.364 |
| 18 | كرم رٍاميز وسطين ابلحد رٍاميز وسطين / مسيحى | 236 | 138.824 | 78.667 | 47.200 | 33.714 | 26.222 | 21.455 |

پارێزگـای کەرکـووک ١٢ کورسـی لەگەڵ یەک کورسـی کۆتـای بـۆ مەسـیحییەکان هەیە. لە پارێزگـای کەرکـووک ئەگەر سـەرنجی دەنگـی حیزبەکـان بـدەین و بە پێـی دابەشـکاری سیسـتەمی سـانتلیگۆی هەمـوارکراوی (١.٧) بەرکەوتەی حیزبەکـان لە ژمـارەی کورسـی بەم شـێوەی خـوارەوە دەبێـت، یەکێتیـی (٤) کورسـی، پـارتی (١) کورسـی، پێکهـاتەی عەرەب (٥) کورسی و تورکمان (٢) کورسی.

بەوردبـوونە لە ئەنجامەکـان دووبـارە هەڵەی حیزبەکانمـان بـۆ ڕوون دەبێـتەوە، لەم هەڵبـژاردنەش کـورد نەیتـوانی خوێنـدنەوەی ورد بـۆ سیسـتەمەکە بکـات، باشـترین بـژاردە بـۆ کـورد ئەوەبـوو بە دوو لیسـت بەشـداری هەڵبـژاردن بکـات بەمەش لانی کەمـی (٦) کورسی مسۆگەر دەکرد.

چی بکرێت لە ئێستادا

لێـرەدا ئەوەی گـرینگە شـرۆڤەی بکەیـن و بڕیـاری لەبـارەیەوە گەڵـدلە بکەیـن ڕاو بۆچـوونی کەسـی نیـیە، لایەنگیری و هەواداری حیزبـی نیـیە، میـزاج و بەرژەوەنـدی کەسـی نیـیە، بەڵکـوو بڕیـار و بەرنجـامی داتاکـان و سیسـتەمەکەیە. ئەو سیسـتەمە پێمـان دەڵێـت ئەو حیزبـانەی پـێگەی جەماوەریـان گەورە نیـیە دەنگـی کـورد دەسـوتێنن، بـۆیە وەک چـۆن لە هەڵبژاردنـی ئەنجـوومەنی پارێزگاکـان دەنگـی نەوەی نـوێ و لیسـتی مەشـخەڵان و سوسیالسـت سـوتا، چـاوەڕێ دەکرێـت لەم هەڵبـژاردنەش بەهەمـان شـێوە دەنگی بەشی زۆری لیستە کوردستانییەکان بسوتێن.

ئەی چـارە؟ دڵنیـام هەموومـان هـاوڕاین حیـزبە کوردسـتانییەکان لە کەرکـووک و نـاوچە دابڕێنراوەکـان خەتابـار و کەمـتەرخەمن، بەڵـدم ناکرێـت ئـێمەی کوردسـتانیان و شـارەزایانی بـواری داتـا و هەڵبـژاردن بەرچـاو ڕوونـی نەدەیـنە دەنگـدەرانی کـورد لە نـاوچە دابڕێنراوەکـان و پێیـان نەڵـێن تکـایە وریـابن و هۆشـیاربن، بـا دەنگتـان نەسـوتێ، تکـایە تکـایە بادەنگـت نرخـی هەبێـت، لەم هەڵبـژاردنە سیسـتەمەکە زۆر غەدارە، لیسـتە بچـووک و مـام ناوەنـدەکان دەنگەکانیـان بەهەدەر دەڕوات. مـن لێـرەدا قەوانـی کـوردایەتی و دڵسـۆزی بە ئێـوە نافرۆشـمەوە، بەڵـدم بە مـاف و ئەرکـی نیشـتمانی خـۆمی

دەزانم بڵێم دەنگدەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تکایە دەرفەتێکی تر بدە بە ئایندەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. بۆیە ئەرکی هەموو دڵسۆزانە بە هەموو چین و توێژەکانەوە لەهەر پلە و پۆستێک بن و سەر بە هەر حیزب ڕێکخراوێک بن، دڵسۆزانە بۆ پرسی کەرکووک و ناوچەکانی سنووری ماددەی ١٤٠ کۆک و یەک دەنگ بن. با هەمووما بەیەکەوە هەوڵ بدەین لەم قۆناغەش پێگەی کورد بەهێز بکەین لە کەرکووک و دیالە و حەمرین و نەینەوا و واسیت و کۆتای کوردی فەیلی لە بەغداد و کۆتای کوردی شەبەک و ئێزدی لە نەینەوا بۆ نوێنەرایەتی و بەشداری لە حوکمڕانی عێراقی فیدراڵ.

پوختەی کەلام

بە بڕوای ئێمە، تا جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق، هەڵبژاردن لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گرینگ وچارەنووساز و ستراتیجیی‌ە، چونکە تەنها ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەتوانن پێگەی کوردستانیان بگەڕێنێتەوە. دەنگ و پێگەش بە کورسی دەپێورێت، واتە گەر کورد 50% دەنگ بێنێت بەڵام ژمارەی کورسیەکانی (50+1) یان نیوەی کورسی‌ی‌ەکانی نەبێت، ئەم ئەنجامە دڵخۆشکەر نابێت. بۆیە جێگای خۆیەتی داوا لەو حیزبە کوردستانی‌یانە بکەین کە دەبنە هۆکاری سوتاندنی دەنگی کوردان، دان بە خۆیانا بنێن و خۆنەویستانە داوا لە دەنگدەرانیان بکەن بەرژەوەندی نەتەوەی پێش بەرژەوەندی حیزبی‌ی بخەن، کاتیش ماوە بۆ ئەو دەست پێشخەریە. هەروەها جێگای خۆیەتی داوا بکەین ئەم پرسە بکرێتە پرسێکی نیشتیمانی‌ی و پرسی هەمووماـن، داوا لە دەنگدەرانی سنووری ناوچە دابڕاوەکان بکەین بەشداری دنگدان بکەن. جێگای خۆیەتی داوا لە تەواوی چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان بکەین دەست بکەن بە هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هاندانی خوشک برایانمان لە ناوچە دابڕاوەکان بەمەبستی بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنە. ئەم هەڵبژاردنە پەیوەندی بە هەر تاکێکی کوردەوە هەیە، ئەم هەڵبژاردنە پرسێکی نیشتیمانی‌ی‌ە و پرسی هەمووانە، با ئەم جارەش دەنگدەران گەورەی خۆیان بنوێن و پرسی نیشتیمان بخەنە سەرووی پرسەکانی تر.

پارێزگا: کەرکوك 2023

| | ناوی حیزب | ژمارەی دەنگ | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کرکوك قوتنا واراداتنا كه ر كوك هێز و ئیرادەمانە | 157,649 | 92,734.706 | 52,549.667 | 31,529.800 | 22,521.286 | 17,516.556 | 14,331.727 | 12,126.846 | 10,509.933 | 9,273.471 | 8,297.316 | 7,507.095 |
| 2 | التحالف العربي في كركوك | 102,545 | 60,320.588 | 34,181.667 | 20,509.000 | 14,649.286 | 11,393.889 | 9,322.273 | 7,888.077 | 6,836.333 | 6,032.059 | 5,397.105 | 4,883.095 |
| 3 | جبهة تركمان العراق الموحد | 75,166 | 44,215.294 | 25,055.333 | 15,033.200 | 10,738.000 | 8,351.778 | 6,833.273 | 5,782.000 | 5,011.067 | 4,421.529 | 3,956.105 | 3,579.333 |
| 4 | القيادة | 61,435 | 36,138.235 | 20,478.333 | 12,287.000 | 8,776.429 | 6,826.111 | 5,585.000 | 4,725.769 | 4,095.667 | 3,613.824 | 3,233.421 | 2,925.476 |
| 5 | الحزب الديمقراطي الكوردستاني | 52,278 | 30,751.765 | 17,426.000 | 10,455.600 | 7,468.286 | 5,808.667 | 4,752.545 | 4,021.385 | 3,485.200 | 3,075.176 | 2,751.474 | 2,489.429 |
| 6 | تحالف العروبة | 47,919 | 28,187.647 | 15,973.000 | 9,583.800 | 6,845.571 | 5,324.333 | 4,356.273 | 3,686.077 | 3,194.600 | 2,818.765 | 2,522.053 | 2,281.857 |
| 7 | حراك الجيل الجديد | 25,910 | 15,241.176 | 8,636.667 | 5,182.000 | 3,701.429 | 2,878.889 | 2,355.455 | 1,993.077 | 1,727.333 | 1,524.118 | 1,363.684 | 1,233.810 |
| 8 | كركوكنا | 22,701 | 13,353.529 | 7,567.000 | 4,540.200 | 3,243.000 | 2,522.333 | 2,063.727 | 1,746.231 | 1,513.400 | 1,335.353 | 1,194.789 | 1,081.000 |
| 9 | تحالف معالم كركوك-هاويه يمانى مه شخەڵی کەرکو | 6,879 | 4,046.471 | 2,293.000 | 1,375.800 | 982.714 | 764.333 | 625.364 | 529.154 | 458.600 | 404.647 | 362.053 | 327.571 |
| 10 | حركة بابليون / مسيحي | 1,703 | 1,001.765 | 567.667 | 340.600 | 243.286 | 189.222 | 154.818 | 131.000 | 113.533 | 100.176 | 89.632 | 81.095 |
| 11 | اميل بطرس قسطنطين ابراهيم اغا / مسيحي | 1,566 | 921.176 | 522.000 | 313.200 | 223.714 | 174.000 | 142.364 | 120.462 | 104.400 | 92.118 | 82.421 | 74.571 |
| 12 | تحالف اثرا / مسيحي | 816 | 480.000 | 272.000 | 163.200 | 116.571 | 90.667 | 74.182 | 62.769 | 54.400 | 48.000 | 42.947 | 38.857 |
| 13 | اسماعيل يحيى عيس دخيل القيسى | 754 | 443.529 | 251.333 | 150.800 | 107.714 | 83.778 | 68.545 | 58.000 | 50.267 | 44.353 | 39.684 | 35.905 |
| 14 | ائتلاف حمورابي / مسيحي | 519 | 305.294 | 173.000 | 103.800 | 74.143 | 57.667 | 47.182 | 39.923 | 34.600 | 30.529 | 27.316 | 24.714 |
| 15 | الحزب الاشتراكي الديمقراطي الكوردستاني | 397 | 233.529 | 132.333 | 79.400 | 56.714 | 44.111 | 36.091 | 30.538 | 26.467 | 23.353 | 20.895 | 18.905 |
| 16 | التحالف المدني الديمقراطي | 303 | 178.235 | 101.000 | 60.600 | 43.286 | 33.667 | 27.545 | 23.308 | 20.200 | 17.824 | 15.947 | 14.429 |
| 17 | حزب الثقة | 246 | 144.706 | 82.000 | 49.200 | 35.143 | 27.333 | 22.364 | 18.923 | 16.400 | 14.471 | 12.947 | 11.714 |
| 18 | كرم راميز وسطين ابلحد راميز وسطين / مسيحي | 236 | 138.824 | 78.667 | 47.200 | 33.714 | 26.222 | 21.455 | 18.154 | 15.733 | 13.882 | 12.421 | 11.238 |